# پەردەی کچێنی

لە وڵاتی ئێمە کاتێك کورێك بیەوێ هاوسەرێك دەست نیشان بکات گرنگ نیە بەلایەوە ئەو کەسە رادەی تێگەیشتنی چەندو چەنێك سۆزو خۆشەویستی ئەبێت بەرامبەر بەخۆیو خێزانەکەی تا چەنێك ئەتوانێ کارامەی رۆڵی دایکایەتی بیبینێ لە پێگەیاندنی مناڵەکانیدا، گرنگترین شت بەلای ئەو کورە ئەوەیە کە هاوسەرەکەی (کچ)بێ، واتا پەردەی کچێنی هەبێ، پەردەی کچێنی بریتییە لەپەردەیەکی تەنك کە بەشووکردن نامێنێ دەمی لەشییان یان ئەندامی (المبهل)ی بەتەواوەتی نەگرتووە .. ئەم پەردەیەش بە کۆبوونەوە لەگەڵ نێرینەدا یان بەشووکردن نامێنێ ئەم پەردەیە کاریگەری تەواوەتی هەیە لەسەر سایکۆلۆجی ژن هەتا هەتایە لە ژیانی ژنو مێردایەتیدا ، پەردەی کچێنی لە شێوەو قەبارە لەکیژێکەوە بۆ کیژێکی تر جیاوازی هەیە.. بەڵام بەشێوەیەکی زۆر شێوەی مانگی چواردە (هلالی)هەیە، هەندێ شێوەی تریش هەیە بەدرێژی باسی لێوە دەکەین ئەم پەردەیە لەیەکەم جوتبوندا دەدرێت بەم شێوەیە دەبێت بە دووبەش بەلای راستو بەلای چەپدا لەم کاتەشدا هەندێ خوێنی لێ دێت ژنەکە.

ئازاری ژن لەم کارەشدا لە کچێکەوە بۆ کچێکی تر جیاوازی هەیە، ئەمەش دەکەوێتە سەر تەنکیو ئەستووری پەردەکە، ئەم ئەستووربونەش تا ژن تەمەنی چووە سەروسی ساڵ و ئەگەر هەر بەکچێتی بمێنێتەوە زیاددەکات، ئەو پەردەیە زۆر ئەستوور ئەبێت زۆر بە نارەحەت ئەبێت کون بوونی، پەردەی ژن وەك سەر ژمێرکراوە بەئاسانی دەدرێت ٧٥٪ ژن جۆرێکی تری هەیە پەردەکە پێی دەوترێت پەردەی لاستیکی(مەتاتی) کە قەد نادرێت هەتا هەتایە یەك تنۆك خوێنی لێ نایەت شەوی بووکێنیو شەوەکانی تریش لە ١٥٪ ژن ئەم جۆرەیان هەیە بەشێوەیەکی تر کە زۆر ئەستوورە قەت توانای کون بوونیان نییە لە ١٥٪ ژن ئەم جۆرەن دەبێت پزیشك بیدرێنێ بەشێوەیەك لە شێوەکانی نەشتەرگەی..

بەڵام شێوەکانی تری پەردەی ژن ئەمانەن:

١_پەردەی مانگی چواردە(هلالی)

٢_پەردەی خر(دائری) یان بازنەیی.

٣_پەردەی هێڵەکی.

ئەم شێوانە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە پەردە لە کچێکەوە بۆیەکێکی تر جیاوازی هەیە لە شێوەیەدا، زۆر گرنگە ئەوە بزانین کە پەردە هەیە زۆر زۆر تەنکە ئەدرێت تەنها دەستە سری پێدابهێنرێت لەکاتی خوێن هاتنی مانگانەدا بێ ئەوەی پێی بزانێت، چونکە خوێنەکەی تێکەڵ بەخوێنی مانگانە دەبێت. وە گرنگتر لەوانە هەمووی ئەبێ ئەمەش بزانین کە کچ هەیە لە دایك دەبن بێ پەردەن مانای هیچ جۆرە پەردەکیان نییە لەکاتی کون بوونیدا خوێنی لە قەترەیەکەوە بۆ چەند قەترەیەك لێ دێت یان هەندێ جار خوێنی زۆری لێ دێت ناگیرسێتەوە، ئەمەش دەکەوێتە سەر تەنكو ئەستووری پەردەکە.

دوای دراندنی پەردە باش وایە (٣) رۆژ کاری سێکسی رابگیرێت تاکو برینەکە سارێژ دەبێتەوە هەندێ پرسیار لەسەر پەردە ئایا سك پڕ دەبێت پەردەی ژن نەدرابێت بەڵێ سك پڕدەبێت لەبەرئەوەی هەندێ کچ واتێدەگەن کە ئەگەر کاری سێکسی لەدەرەوەی ئەندامی سێکس بکرێت سك پڕنابێت ئەمە هەڵەیە، چونکە تۆوی نێرینە توانای چوونە خوارەوە یان ناوەوەی لەشی ژنی هەیەو دەچێتە ناوەوە سك پڕدەبێت.



ئەڵماس مستەفا ـ سوید